www.kurdistannet.org
3-10-2006 12:15 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەكداری و یەكگرتوو.. خەونێكی نەزۆك ... ئەندامێكی یەكگرتوو

دەمێكە ناحەزانی یەكگرتوو خەون بەوەوە دەبینن كە یەكگرتوو ناچاری چەك هەڵگرتن ببی وئەو خەیاڵەیان بەرنەسەر كە گوایە سەرنجامی چالاكی ئیسلامی لە دەعوەوە دەست پی ئەكا وئەچێتە قۆناغی سیاسی وئینجا چەكداری، بەڵام دەبی هەربەو خەیاڵ وخەونەوە بتلێنەوە.. سەد ئەوەندە فشار وستەم وپیلان وپلانی ناحەزی لەسەر ئەم كاروانە ئەنجام بدری ستراتیژیەتی یەكگرتوو هەر ئەوەیە كە ئاشكرا كراوە ولەسەرەتاوە داپڕشتووە حزبێكی سیاسی ئیێڵاحی یە وبە هۆكاری مەدەنی بۆ ئامانجەكانی دەكۆشی..
چەكی یەكگرتوو قەڵەم وكارتی هەڵبژاردنە كە هەموو ئاڵ وگۆڕێكی پێویست بە ئاسانی وبەیاسایی ئەنجام ئەدا..
هەر بۆیە بەو خەیاڵەوە سەربنێنەوە ئەوانەی دەیانەوی یەكگرتوو لەڕێبازی مەدەنی وئیسلامی خۆی لابدەن، ئەوان لەبیریان چووەتەوە كە لەگەرمەی شەڕەكانی ناوخۆدا بەجۆر وناوەجیاجیاكانیەوە بەوهەموو فشار وسەركونكردن و زەحمەتدانەوە نەیانتوانی تەنیا فیشەكێك بۆ ئەو شەڕانە بە یەكگرتوو بتەقێنن.. دەبی ئێستە كە شەڕ وجبەخانەی شەڕ باوی نەماوە وشەڕكەرەكان نەك شانازی بەو رۆژانەوە ناكەن بەڵكوو بەباسی سەغڵەتن.
دەبی ئێستە لە هەندی كەسەوە هەواڵی هەڵبەسراوی شاخداری وابیستری گوایە یەكگرتوو چەكداری ناردوە بۆ لوبنان بۆ هاوكاری حیزبوڵڵا.. قسەش یەكجار ئاوا بی سەروبەر مانای شپرزەیی سەرچاوەكە وسەرگەردانی پیلانەكە.
یەكگرتوو شانازی دەكا بە پاكیی رابردوو جوانیی رەوتی كاروكاروانیەوە هەرگیز وانەناسراوە كە دووفاقە مامەڵە بكا وئەوەندە ترسنۆك بی هەڵوێستی خۆی بە پێچەوانەوە دەربڕی، رەنگە لەبەر بارودۆخ هەموو راستیەكان نەڵی، بەڵام هەرگیز ناڕاستی ناڵی.. بەیاننامەی م. س یەكگرتوو لە كاتی شەڕی لوبنان وئیسرائیلدا ئیسپاتی نەهج وتێڕوانین وهەڵوێستی یەكگرتوو دەكاتەوە كە لە (2006/7/31) دا بە بۆنەی هێرشەكەی (قانا) بڵاوی كردەوە.. كە راشكاوانە هاوغەمی خۆی لەوكارەساتە ودژایەتی كاولكاریەكانی سەرئەو وڵاتەی راگەیاندوە.. ئەمەش سروشتی یە كە لەگەڵ ستەم لێكراوبإ ودژی ستەمكار بإ كە لەوێدا خەڵكی لوبنانە بەرانبەر ئیسرائیل..
ئەگەر مەسەلەكەش پەیوەندی داربی بەكێشە وگرفتەكانی پاش كارەساتەكەی (2005/12/6) ئەوە دورنیە كەسانێك بیانەوی باڵۆنێكی شایعە هەڵبدەن، لەكاتێكدا كە بەڕێزان جەنابی سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت ومەكتەبی سیاسی پارتی تەفەهومی مەسەلەكە دەكەن وهەڵوێستی حەكیمانەی سەركردایەتی یەكگرتوو بەرز دەنرخێنن وبڕیاری چارەسەری ریشەیی ئاسەوارەكانی ئەو حاڵەتەیان داوە ئەو كەسانە كە چاوی هەڵنایی بە ئاشتی (پارتی ویەكگرتوو) رەنگە بەو چارەسەرانە سەغڵەت بی ورزقی ببڕی..
بۆ ئەو كەسانە وهەموو ئەوانەیتر كە بە بوونی یەكگرتووی ئیسلامی زیان مەندن وبە حزوری بەربڵاوی پرۆژەی ئیسلامخوازیانەی یەكگرتوو سەغڵەتن، دوپات دەكەینەوە كە چەكداری ویەكگرتوو دوو چەمكی لێك دوورن وبەوخەونە نەزۆكانە خۆیان سەرقالڕ نەكەن وبزانن كە یەكگرتوو لەسەر پەیمانی خۆیەتی، پشتیوان وسەنەدی پرۆسەی بەمەدەنی كردن وبە دیموكراسی كردنی كوردستانە و پاسەوانێكی ئەمینی بەها جوانەكان وناسنامەی گەلەكەمانە و هاوخەباتی تەواوی خەباتكارانە بۆ پاراستنی دەستكەوتی گەل ودابینكردنی مافە رەواكانی.. خەباتی خۆی بە چەكی قەڵەم ومێشك وهۆش وزانست وكارتی هەڵبژاردن دەكات وسەركەوتووشە.
2006/9/30